


سیگموّند فرۆید

لێکدانەوەی خەونەکان

42344

وەرگێڕانی : ئاوات ئەحمەد

بەرگی یەکەم

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

لە بڵاوکراوەکانی

سەنتەری رووناکبیری هەتاو

ژمارە ١٦٠١

hataw.٢٠٠٣@yahoo.comb

≺ناوی کتێب : لێکدانەوەی خەونەکان (بەرگی یەکەم)

≺نوسەر : سیگمۆند فرۆید

≺وەرگێڕ : ئاوات ئەحمەد

≺ساڵی چاپ : ٢٠٠٨

≺نۆرەی چاپ : دووهەم

≺ژمارەی سپاردن (٢٤٦) ی ساڵی ٢٠٠٣ ی دراوەتێ .

≺سەرپەرشتی چاپ: بارزان حەسەن

≺دیزاین: ئاگری باڵەکی

≺تیراژ : ٣٠٠٠ دانە

≺چاپخانەی: هیڤی - هەولێر

≺هەموو مافەکان پارێزراون بۆ وەرگێڕ

awatsultan@yahoo.com
awatsutan@hotmail.com

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

وتەیەك بۆ چاپی دووهەم

چوار ساڵ بەسەر چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا تێپەڕیوە، ئەو چاپە هەرزوو لە کتێبخانەکاندا نەماو گەلێك کەس داوای چاپکردنەوەیان دەکرد، بەڵام دەرفەتێکی لەبار بۆ چاپکردنەوەی نەدەهاتە پێشەوە. لەماوەی نێوان چاپی یەکەمو ئەم چاپەدا، گفتوگۆیەکی ئەوتۆ لەسەر کتێبەکە نەکراوە، جگە لە دوو نوسین، کە یەکەمیان هی بەڕێز کامەران سوبحان لە یەکێك لە ژمارەکانی کوردستانی نوێدا، کە لە گۆشەنیگای خۆیەوە هەوڵیدابوو کتێبەکە بخوێنێتەوەو ماندووبوونی ئێمەشی نرخاندبوو. دووهەمیشیان نوسینێکی حسێن بەفرین بوو لە رۆژنامەکەی خۆیدا (چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو، پاشان راگیرا)، ئەمیان بەپێچەوانەی کامەران سوبحانەوە، پێیوابوو کە ئێمە کارێکی خراپمان کردووە کە فرۆیدی گەندەڵو خراپمان کردووە بە کوردیو بەو کارەمان زیانێکی گەورەمان لە هزری کوردی داوە. جگە لەو نوسینە، یەك دوو جارێکیش منو بەفرین بە قسە باسی ئەو کتێبەمان پێکەوە کردووە، سەرەنجام بۆم دەرکەوت، ئەو پیاوە زۆر خەمی منی بووەو پێیخۆش نەبووە بە وەرگێڕانی فرۆید، بەوجۆرە ئابڕووی خۆم

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ببەم. هەربۆیەشە پێشنیاری بۆ کردم قەردبووی نەو ئابڕووچوونە بە وەرگێڕانێکی باڤلۆڤ بکەمەوە. بەڵام من تا ئێستا دەرفەتی کڕینەوەی نەو ئابڕووە تکاوەم نەبووە، دوای لێبوردنیشی لێدەکەم نەگەر نەم چاپی دووهەمە نەوەندەی دیکە ئانۆمێدی بکات.

دوای بڵاوبوونەوەی لێکدانەوەی خەونەکان، لە گۆڤاری ڕیفۆرم بڕیمان لە پڕۆژەی بەکوردیکردنی تەواوی کارەکانی فرۆید کردەودو کتێبی (شارستانێتی و نیگەرانییەکان) لە لایەن ئێمەوە کرا بەکوردی و بڵاو کرایەوە، پێشتریش هەمان گۆڤار کتێبی دەرونشیکاری و نەو پێڕەوانەی لێی جیابوونەتەوەی بڵاوکردۆتەوە کە نەویش هەر لە وەرگێڕانی ئێمەیە. پاشان هاوژینی مەلانەمین کتێبی (موساو یەکتاپەرستی) و ئارام تەها کتێبی (چەند بڕۆکەیەک بۆ سەردەمی جەنگ و مەرگ) ی ئامادەکرد، بەڵام ڕاودستانی گۆڤاری ڕیفۆرم بووە هۆی لەبارچوونی پڕۆژەکە. لە گۆڤاری ڕیفۆرم خەونی زۆر جوانمان هەبوو، بەردەوام لەسەر پێڕەویکردن لە فەرهەنگێکی دەروونییانەی یەکگرتوودو دەستەواژە یەکخراوەکان دەدواین و بەدوای بەکارهێنانی لەباردا دەگەڕاین. لەو ئاخاوتنانەدا لەسەر نەوە ڕێکەوتین کە ئاگایی و ئاناگایی لە جێگەی هەست و نەست بەکاربهێنین، چونکە باشتر گەردان دەکڕێن و مامەڵەیان خۆشترە، هەروەها، وشەی ردەمەکیشمان خستە جێگەی وشەی غەریزە، دیار نەمە بەو مانایە نا کە پێشتر کەس بیری لەمانە نەکردۆتەوە، بەڵکو بەو مانایەی لەناو بەکارهێنانەکاندا نەمانەمان پەسەند کرد.

لەم چاپەدا من لای خۆمەوە پێڕەویی لەو دەردنجامانە دەکەم کە لە گفتوگۆو مشتومڕەکانی گۆڤاری ڕیفۆرمدا پێیانگەیشتووین.

هەر لەو ماوەیەشدا کتێبی (تۆتەم و تابۆ) لە فارسییەوە کرا بە کوردی و گۆڤاری نماش یەک دوو کتێبی دیکەی فرۆیدیان بە کوردی بڵاوکردەوە. ئێستا لە کتێبخانەی کوردیدا زەخیرەیەکی باشی فرۆیدو فرۆیدیزم هەیەو لەم بارەیەوە خوێنەر تا ئاستێکی باش بەختەوەرە.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەبێت نەوەشم بیر نەچێت کە ئاماژە بکەم بۆ دیاریيە بەنرخەکەی پێشواز فەیزوڵای هاوڕێم (لێستا لە کەنەدا دەژی). پێشواز کتێبەکەی لێرنست جۆنزی خستە بەردەستمان کە سێ بەرگەو سەرگوزەشتەی ژیانی فرۆیدو جۆرەها زانیاری بەنرخی دەربارەی پەردەسەندنو گێرەوگرفتەکانی دەروونشیکاریی لەخۆگرتووە. دەمتوانی لێرەدا هەندێك لەو زانیارییانە پێشکەشی خوێنەر بکەم، بەڵام نەوکاردم هەڵگرتووە بۆ کتێبێکی تایبەت بە فرۆیدو کارەکانی کە لێستا قۆناغەکانی سەردتای تەواو بووە.

سوپاس بۆ هەموو ئەو نازیزانەی بە درێژایی ڕەوتی کارکردنم لەبواری وەرگێڕاندا هاوکارییان کردووم، کە ژمارەیان زۆرەوە ڕەنگە نەتوانم لێرەدا ناویان بهێنم. لێرەو لەوێش هەندێك دژایەتییان کردووم، بەڵام من قسەیەکم بۆ ئەوانە نیە، جگە لەوەی داوای لێبوردنیان لێبکەم کە بوومەتە هۆی نائومێدییان.

ناوات ئەحمەد

سلێمانی

تەموزی ٢٠٠٧

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library